بانۆ ئەحمەد :
یاریزانی تایکواندۆی یانەی نەورۆز:

# ویستم ببم بە نموونەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە وەرزشی کچان بە کێشە دەزانن



***چۆن بوو تێکەڵ بە یاریی تایکواندۆ بوویت؟**

- بە باشم زانی بەشداری لەم هونەرەدا بکەم، تاوەکو ببمە خاوەنی فکر و جەستەیەکی بەهێز وەکو کچێك.

***ئایا وەکو کچە وەرزشکارێك ئەم یارییە دوچاری گرفتی جەستەییت ناکات؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە جەستە بەهێز دەکات، منیش پێم باش بوو کە هونەری تایکواندۆ بکەم، ئامانجی سەرەکیی من وەکو کچێك لەم وەرزشە ئەوە بوو تا پارێزگاری لە خۆم بکەم، هەروەها ببم بە نموونەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە وەرزشکردن بە تایبەت تایکواندۆ بۆ کچان بە کێشە دەزانن.

***هەست ناکەی یارییەکی شەڕانگێزت هەڵبژاردوە؟**

- نەخێر، ئەم یارییە خۆڕاگرت دەکاتە. هیوادارم ببم بە نموونەیەك بۆ کچانی دیکە تاکو بتوانن لەم یارییە بەشدار بن.

***ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی تایکواندۆ لە کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ لە بەرەوپێشچووندایە، بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت.

***پێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە چی بکرێت؟**

**تیپی تایکواندۆی یانەی نەورۆز یەکێکە لەو یانەیانەی کە بەردەوام گرنگی بە سەرجەم یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان دەدات لە شاری سلێمانی و تیپی تایکواندۆی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان و خاوەنی چەندین یاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان بانۆ ئەحمەد -ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری سلێمانییە کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی و چەندین مەدالیای جۆراوجۆری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان بەدەست هێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**کارزان کانەبی**

- پێم باشە هەموو لایەنەکان ببنە پاڵپشتێکی باش، تا گرنگییەکی تایبەت بدرێت بە هونەری تایکواندۆ، چونکە یارییەکی تاکییە و ئەنجامی باشی لێ بەدەست دێت.

***هەست ناکەی ئەم یارییە لە کوردستان گرنگی تەواوی پێ نادرێت؟**

- من وای نابینم، بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تایکواندۆ لە کوردستان لە بەرەوپێشچووندایە و خەڵك زیاتر هیواو ئارەزووی بۆ بەشداریکردنیان لەم وەرزشە هەیە.

*** کێشەو گرفتی سەرەکیی ئێوە لەم یارییە چییە؟**

- کێشەو گرفتی ئێمە لەم هونەرەدا تەنیا ئەوەیە کە پشتگیری لایەنەکان بۆ بەرەوپێشچوونی هونەری تایکواندۆ لاوازە.

***بۆچی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لەم یارییە لە کوردستاندا کەمە؟**

- کێشەی کەمیی بەشداریکردنی خانمان لەم هونەرەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ وەرزش بەتایبەتی بۆ ئەم هونەرە.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو کچە یاریزانێك چی بووە؟**

- بەشداریی پاڵەوانیەتی عەرز و نمایشم لە شوێنە گشتییەکانی کێبڕکێیەکان کردووە و ئەنجامم وەکو پێویست بووە لە شوێنە جیاجیاکان.

***خێزانەکەت تا چەند هاوکاریت دەکەن؟**

- دەمەوێت سوپاسی خانەوادەکەم بکەم کە زۆر پشتیگریی منیان کردووە و پاڵپشتێکی باش بوون بۆ من کە بتوانم سەرکەوتوو بم.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

- بە دڵنیاییەوە هۆکاری سەرەکی بۆ دەرکەوتنی یاریزان یاریکردنیەتی بۆ هەڵبژاردەکان، ئەوە هیوای من و سەرجەم یاریزانەکانە.

***پەیامت بۆ ئەو کچانەی کە دوورن لە وەرزشکردن چییە؟**

- پەیامی من بۆ هەموو ئەو کچانەیە کە دوورن لە هونەری تایکواندۆ، ئەوەیە کە هیوادارم بەشداری لەم هونەرەدا بکەن، داواکارم خانەوادەکانیان ببنە پاڵپشتێکی باش بۆ خانمان تا بتوانن بەو ئامانجانە بگەن کە مەبەستیانە.

***ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- زۆر سوپاس بۆ شێخ تاریق سەرۆکی یەکێتی تایکواندۆ و مامۆستا بەختیار حوسێن کە ماندوویی نەناسانە هەمیشە لە هەوڵ و کۆششکردن بەردەوامن، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە بە وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانی دەکات.




# ژمارەکانی مۆندیال

دوای دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی (٢٠١٨) لە رووسیا ، فایلی وەرزشیی گۆڤاری گوڵان لە پێش دەستپێکردنی یارییەکان تا کۆتایی پاڵەوانێتیەکە، رۆماڵێکی مێژووی پاڵەوانێتییەکە دەکات لە رووی بڵاوکردنەوەی داتا و ژمارە پێوانییەکانی جامی جیهانی، ئەم هەفتەیە باسی چەند بابەتێکی تایبەتیی مۆندیال دەکەین.

ئا: رێبین رەمزی





## باشترین گۆڵپارێزەکانی مێژووی جامی جیهانی بناسە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە جامی جیهانی (١٩٩٤) خەڵاتی دەستکێشی زێڕینی ئەدیداسی بۆ دەستنیشانکردنی باشترین گۆڵپارێز لە جامی جیهانی داهێنا.

باشترین گۆڵپارێز لە رێگەی لیژنەی هونەری پاڵەوانێتییەکە دەستنیشان دەکرێت. خەڵاتەکە لە ساڵی (١٩٩٤) تا جامی جیهانی (٢٠٠٦)بەناوی (لیف یاشین) بوو، وەکو رێزلێنانێك بۆ گۆڵپارێزی مێژوویی رووسیا (لیف یاشین) پاشان ناوەکە بۆ دەستکێشی زێڕینی ئەدیداس گۆڕدرا.

ئەمانەی خوارەوەش توانییان خەڵاتەکە بەدەستبهێنن:

ساڵی ١٩٩٤: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی بەلژیکا (میشێل بردرۆم)

ساڵی ١٩٩٨: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی فەرەنسا (بارتێز)

ساڵی ٢٠٠٢: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (ئۆلیڤەر کان)

ساڵی ٢٠٠٦: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ( جیانلیۆجی بۆفۆن)

ساڵی ٢٠١٠: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیسپانیا (ئیکەر کاسیاس)

ساڵی ٢٠١٤: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (مانوێل نۆیەر).

# کێ باشترین یاریزان و گۆڵپارێز لە جامی جیهانی دەستنیشان دەکات؟




یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە جامی جیهانی ساڵی (١٩٦٦) تا ئێستا لێژنەی هونەری داناوە بە مەبەستی شیکردنەوەی یارییەکان و دەرهێنانی ئاماری تایبەت بە سوودوەرگرتن لە نوێترین تکنولۆجیای سەردەم و ئەم لێژنەیە سەر بە بەشی پێشکەوتنی راهێنەر و یاریزانانە لە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

لێژنەی هونەریی جامی جیهانی (٢٠١٨) لە چەندین کەسایەتی و یاریزان و راهێنەری پێشوو پێکهاتووە، کە ئەزموونێکی گەورەیان لە بواری تۆپی پێ بەتایبەتی پاڵەوانێتیی جامی جیهانی هەیە.

ئەم لێژنەیە جگە لە شیکردنەوەی یارییەکان و پێشکەشکردنی ئامارەکان ئەم کارانەی خوارەوەشیان هەیە:

- پێڵاوی زێڕین و زیو و برۆنز-ی ئەدیداس بۆ گۆڵکاری خولەکە، ئەگەر چەند یاریزانێك لە ژمارەی گۆڵکردن یەکسان بوون، ئەوا ئەم لێژنەیە، گۆڵکاری خولەکە لە رێگەی کامە یاریزان زۆرترین گۆڵی بۆ هاورێیەکانی دروستکردووە، دەستنیشان دەکەن.
- تۆپی زێڕین و زیو و برۆنزی ئەدیداس بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکە.
- دەستکێشی زێڕینی ئەدیداس بۆ دەستنیشانکردنی باشترین گۆڵپارێزی پاڵەوانێتییەکە.
- خەڵاتی باشترین یاریزانی لاو لەدایکبووی ساڵی (١-١-١٩٩٧)بەرەو سەرەوە.
- خەڵاتی یاریی خاوێن.

دوای تەواوبوونی یارییەکانی جامی جیهانی لێژنەی هونەری راپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر یارییەکان و پاڵەوانێتییەکان ئامادە دەکات، کە گشت ئامارەکانی تێدایە و بەسەر گشت یەکێتییە وەرزشییەکان دابەش دەکرێت.




# باشترین یاریزانەکانی مێژووی جامی جیهانی بناسە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بریاری دا لە جامی جیهانی (١٩٨٢) خەڵاتی باشترین یاریزانی پاڵەوانێتی جامی جیهانی دەستنیشان بکات لە رێگەی لێژنەی هونەری و هەروەها لێژنەکە دوو یاریزانی تر بۆ بردنەوەی خەڵاتی زیو و برۆنز دەستنیشان دەکەن.

ئەوانەی تا ئێستا ئەم خەڵاتیان بردیتەوە بەمشێوەیە:

ساڵی ١٩٨٢: یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پاولۆ رۆسی
ساڵی ١٩٨٦: یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین مارادۆنا
ساڵی ١٩٩٠: یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا سلڤاتۆری سیکلاتشی
ساڵی ١٩٩٤: یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل رۆماریۆ
ساڵی ١٩٩٨: یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل رۆناڵدۆ
ساڵی ٢٠٠٢: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئۆلیڤەر کان
ساڵی ٢٠٠٦: یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا زینەدین زیدان
ساڵی ٢٠١٠: یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای دیگۆ فۆرلان
ساڵی ٢٠١٤: یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین میسی



# ئەندامانی لیژنەی هونەریی جامی جیهانی ٢٠١٨ بناسە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لیژنەی هونەریی تایبەت بە جامی جیهانی ٢٠١٨ داناوە و ئەمەی خوارەوەش سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکەیە، کە لەسەرەوە باسی ئەرك و کارەکانی ئەم لیژنەیەمان کردووە:

● **سەرۆك: کارلۆس ئەلبێرتۆ پێرێرا (بەرازیل)**

یەکێکە لە راهێنەرە بەئەزموونەکانی جیهان و تاکە راهێنەرە، کە شەش جار وەکو راهێنەر بەشداری لە جامی جیهانی کردووە و هەروەها توانی لەساڵی (١٩٩٤) پاڵەوانێتیی جامی جیهانی بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بەدەست بهێنێت و وەکو راهێنەری لێهاتووی جەستەییش کاریکردووە و راهێنەری چەندین یانە و هەڵبژاردە بووە.

● **ئەندام: ئیمانوێل ئەمۆنیکی (نێجیریا)**

ئیمانویل ئەمۆنیکی توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا هەڵبژاردەی نێجیریا بگەیێنێتە جامی جیهانی لە ساڵی (١٩٩٤) و توانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بگەیێنێتە قۆناغی (١٦)، بەڵام لەم قۆناغە بە خاوەن پلەی دووەمی مۆندیال ئیتاڵیا دۆڕا.

ئەمۆنیکی لەم پاڵەوانێتیە دوو گۆڵی تۆمارکرد، دواتر وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی نێجیریا دەستنیشانکرا و توانی لە جامی جیهانی ٢٠١٥ ببێتە پاڵەوان.

● **ئەندام: بۆرا میلۆتینۆڤیتچ (سربیا)**

تاکە راهێنەرە لە جیهان، کە توانی چوار هەڵبژاردەی جیاواز بگەیێنێتە مۆندیال، ئەوانیش مەکسیك (١٩٨٦)، کۆستاریکا (١٩٩٠)، ئەمریکا (١٩٩٤)، نێجیریا (١٩٩٨). هەروەها یەکێکە لە باشترین راهێنەرەکانی جیهان و خاوەنی چەندین دەستکەوتە.

● **ئەندام: ئەلیساندرۆ نێستا (ئیتاڵیا)**

یەکێکە لە باشترین یاریزانانی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و توانی لە ساڵی (٢٠٠٦) لەگەڵ هەڵبژاردەکەی مۆندیال بەدەستبهێنێت و بەشداری سێ پاڵەوانێتیی جامی جیهانی کردووە و ٧٨ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ئەنجام داوە.

● **ئەندام: ئەندی رۆکسبۆرگ (ئوسکتلندا)**

یەکێکە لە باشترین راهێنەرەکان لە مێژووی ئوسکتلندا و توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بگاتە جامی جیهانی (١٩٩٠) و ئەوە شەشەمین مۆندیالە وەکو ئەندامی لیژنەی هونەری کار دەکات.

● **ئەندام: مارکۆ ڤان باستن (هۆڵەندە)**

یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی جیهان و هێرشبەرێکی مەترسیدار بوو، بەڵام بەهۆی پێکان هەر زوو وازی لە یاریی تۆپی پێ هێنا، لە جامی جیهانی ١٩٩٠ بەشداری لە چوار یاریی هەڵبژاردەکەی کرد و گەیشتە قۆناغی ١٦ و لە ساڵی (١٩٩٢) بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرا.

ئێستا ڤان باستن بە پلەی گەورەبەرپرسانی کۆمەڵەی فیفا بۆ لیژنەکانی هونەری کار دەکات و هەروەها سەرۆکی گشت لیژنە هونەرییەکانی تایبەت بە یاریی تۆپی پێی جیهانییە.



# مەزن محەممەد و ژمارەیەک یاریزان پەیوەندییان بە قەڵای تورکمانی کرد

دوای نزیکەی چوار ساڵ یاریکردن وەکو راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر و بەدەستهێنانی هەردوو نازناوی خولی فوتساڵی تۆپی پێی نایابی کوردستان و عێراقی، مەزن محەممەد و ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکەی سەنگەری یاریکردنیان لە یانەی ئافرەتانی هەولێر بۆ یانەی قەڵای تورکمانی گواستنەوە، لە بارەی جێهیشتنی یانەکەش مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە مانگی سێی ئەمساڵ خولی فوتساڵی کچان تەواو بوو، ئێمەش نازناوەکەمان هێنایەوە شاری هەولێر، ئەوەش بۆ ئێمە شەرەفێکی گەورە بوو، بڕیاریش بوو لە داهاتوودا کارگێڕیی تیپەکە ئێمە تەکریم بکەن، بەڵام دواکەوت، یاریزانەکانیش داوای بڕی پارەکانیان دەکرد کە پێشووتر گرێبەستیان کردبوو، دابینکردنی پارەکەش دواکەوت، بۆیە من لە سەر ئەرکی خۆم و لە گیرفانی خۆم گرێبەستی سەرجەم یاریزانەکانم داوە، ئیدارەی یانەکەش قەرزاری منە، بۆیە من و ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە پەیوەندیمان بە یانەی قەڵای تورکمانی کرد، لەگەڵ یانەکەش بە خۆبەخش لەگەڵیان رێکەوتووین، ئەگەر پارە هەبێت پێمان دەدەن.» گوتیشی: «من و زیاتر لە دە یاریزان چووینەتە ئەو یانەیە، هەرچەندە سێ یانەی تر هەبوو، دوویان لە هەولێر و یەك یانەش لە دەرەوەی هەولێر بوو، بەڵام ئێمە قەڵای تورکمانیمان پێ باش بوو، ئێمەش حەز دەکەین خزمەتی شاری هەولێر بکەین.»

# کۆڤان حەسەن دەمەوێ نازناوی زیاتر بەدەست بهێنم

دوای بەشداری لە چەندین کێبڕکێی جیهانی، کۆڤان حەسەنی یاریزانی نێودەوڵەتیی یارییەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەڵبژاردەی پارائۆلۆمپی عێراقی لە وڵاتی تونس وەکو تاکە یاریزانی کورد بەشداری لەو پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییە کرد کە زیاتر لە ٢٨ وڵات لە ئاستی جیاجیا بەشدار بوون. کۆڤان حەسەن یاریزانی کوردی قەزای ئاکرێ لە هەریەك لە یارییەکانی هاویشتنی رم و پارسەنگ و قورسایی بەشدارە لە پاڵەوانیەتییەکە دوو ریکۆردی تازەی شکاندو سێ مەدالیای بەدەستهێنا، لەم بارەشەوە کۆڤان حەسەن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتی گراندی نێودەوڵەتی لە وڵاتی تونس وەکو تاکە یاریزانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی پارائۆلۆمپیی عێراقی بۆ من شەرەفێکی گەورە بوو، کە توانیم دوو ریکۆرد و سێ مەدالیا بەدەست بهێنم، جگە لە دیسك لە هاویشتنی سوقلیش، جگە لەوەش لە هاویشتنی رمیش دەمەوێت ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم، هەروەها سوپاسی راهێنەرەکەم مامۆستا رەعد دەکەم کە هەوڵ و ماندووبوونی زۆری بووە لەگەڵم، بەهیوای ئەوەشم بتوانم لە داهاتوودا ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی جیهانی بۆ خۆم و کوردستان بەدەست بهێنم و هەرچی لە توانام بێت، خزمەت دەکەم.





# کوردێک بەنیازە بە ریکۆردی نوێ ناوی بچێتە پەرتووکی گینس

دوای ئـەوەی لـە مـاوەی رابـردوو جەرجیـس رەشـید کـوڕی باژێـری دهـۆك توانـی لـە سـاڵی رابـردوو لـە وڵاتـی ئیمـارات دوو ریکـۆردی جیهانـی لـە شـیناو لێدان و دەست لێدان بە ناوی خۆی تۆمار بکات کە پێشبڕکێیەکانی لە شاری دوبەی بەڕێوەچوو، جەرجیس وەکو تاکە کوردی بەشداربوو لە باشووری کوردستان توانی دوو ریکۆرد لەسەر ناوی خۆی تۆمار بکات، ئەمساڵیش نیازی ئەوەی هەیە ریکۆردی تازە لە وڵاتی تورکیا بەدەستبهێنێت، لەبارەی بەشداریکردنیشی لە پێشبڕکێیەکانی پەرتووکی گینس جەرجیس رەشید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە لە ئامادەکاریدام بۆ ئەوەی بتوانم بەشداریی دوو پێشبڕکێ بکەم لە وڵاتی تورکیا بۆ ئەوەی جارێکی تر ناوم بچێتە پەرتووکی گینسی جیهانی.» گوتیشی: «دوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی مۆندیالی رووسیای ئەمساڵ دەچمە تورکیا بۆ ئەوەی لیژنەی پێشبڕکێیەکان تاقیم بکەنەوە، منیش وەکو تاکە کورد لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان کە خاوەن دوو ریکۆردم لە ساڵی رابردوو لە وڵاتی ئیمارات، بۆیە ئێستاش هەلێکی باشم لە بەر دەستە بۆ ئەوەی دوو ریکۆردی تریش لە ئەمساڵ بەدەست بهێنم، تاکە یاریزانی کوردیشم لەسەر ئاستی جیهان کە ئەو ریکۆردانە بە ناوی منە، ئەمساڵیش لە خێراترین دەست و شیناو لێدان بەشداری دەکەم و دەمەوێت ببمە تاکە کورد لە ئاستی جیهان کە ئەگەر دوو ریکۆردی دیکەم بەدەست هێنا، دەبێتە چوار ریکۆرد و ریکۆردی جیهانی دەشکێنم.» لەبارەی هاوکاریکردنیشی گوتی: «لە ساڵی رابردوو ٥٠هەزار دۆلارم سەرف کرد و هیچ کەسێك هاوکاری نەکردم، هەر چەندە بە ناوی کوردستانیش بەشدار بووم، بەڵام هیچ بەرپرسێك هاوکاری نەکردووم و هەمووی لەسەر ئەرکی خۆم بووە، ئەمساڵیش تا ئێستا نزیکەی ٣٠ هەزار دۆلارم پێویستە.»